

# عێراق لە دوای هەڵبژاردن

سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.co.uk

ئەوەی ئاگای لە ڕێکلامی هەڵبژاردنەکانی عێراق بوایە و ناوەڕۆکی پاڵەوانەکانی ئەم سیناریۆ گاڵتەجاڕیەی نەناسییایە دەیگوت ڕۆژی دوای هەڵبژاردن عێراق دەبێتە مەلبەندی ئارامی و ئاسایش و دەبیتە نمونە بۆ ناوچەکەش وەک ئەمریکا هاوپەیمانەکانی دەیانوت ،بەڵێ سەرەڕای ئەوەی کە تەواوی وڵاتە زلهێزەکانی پەنای ئەمریکا ڕاگەیندنەکانی خۆیان خستەگڕ و هانی خەڵکیان دەدا بۆ دەنگدان و ستایشی ئەو گاڵتە جاڕیە ، شەش کەنالی عێراقیش بەشێوەیەکی بەردەوام و بیست و چوار سەعات پەخش لە خزمەتی هەڵبژاردن دا بوون حیزبەکانیس کە سەروەت و سامانی ئەو خەڵکەیان بە تاڵان بردوە نەبونی و هەژاری خەڵکیان ئیستغلال کردو کەوتبونە دەنگ کڕین سات و سەودا کردن بە خۆینی شەهیدان و جۆشدانی ئیحساساتی خەڵکەوە.

بەڵام سەرەڕایی هەموو ئەمانە لە 60%دەنگیان داوە(بە قسەی خۆیان) ئەویش بە زۆری چاو سوور کردنەوە و میلیشا چەکدارەکانیان بە تایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور کە ئیسلامیە شیعەکانی سەر بە جمهوری ئیسلامی دەسەڵاتیان هەیە ،هەروەها بە قسەی خودی ئە کتەرەکانی ئەم شانۆگەریە لە چەن شۆێن تەزویر و ساختە کراوە.
وە ئەم هە ڵبژاردنە جیا لە وانەی دنیا لە ژێر حمایەتی 300 هەزارسەربازی ئەمریکی پۆیسەکانی وەزارەی ناوخۆ و40 لیوای سەربازی عێراقی و زیاتر لە 100 هەزار میلیشیای حیزبەکاندا بەرێوە چوو کە چی هەرنەتوانرا سنورێک بۆ تیرۆر دابنرێ و خەڵکێکی زۆر بوون بە قوربانیلە ڕۆژی هەڵبژاردندا.

بە بۆچوونی من ئەم هەڵبژاردنە تەنها یاریەکی ئەمریکیە و بۆ ڕزگاربونیەتی لەو زەلکاوە کە ئەمریکا لە عێراق تێ ی کەوتوە هەوڵێکە بۆ شەرعیەت دان بە وجودی خۆی لە عێراق ئەگینا لە کۆێی دونیادا بووە بە بوونی داگیرکەرکی وەک ئەمریکا لە وەزعێکی نالەباری وەهادا خەلک بچنە بەردەم سنوقەکانی دەنگدان و ئازادانە کەسانێک هەڵبژێرن کە پێیان وایە نۆێنەرایەتی خواستەکانی ئەوان دەکات .
ئێستاش پاش هەڵبژاردن و دەرکەوتنی ئەنجامە سەرەتاییەکان کە وا دەردەکەوێ شیعەکانی سەر بە جمهوری ئیسلامی تێیدا زۆرینە بن دەبێ چی چاوەڕێ بین؟

حکومەتی کاتی پێشتر کە هەر ئەم تەشکیلە بوو توانی چیبکات جۆن لەگەڵ وەزعی سیاسی و گوزەران و ژیانی خەڵک دا هەڵس و کەوتی کرد ئەو حکومەتەش کە بڕیارە پێک بێت لەو تەشکیلە عەجیبە لەوە باشترنابێ.
لەسەرەتاوا دیارە کە ئەو هەڵبژاردنە کە ئەمریکا سیناریۆیەکە ی داڕشتوە ئەنجامەکەشی قووڵکردنەوەی زیاتری کێشمەکێشی قەومی و دینی و نێوان خەڵکی عێراق بە مە بەستی غەرق کردنی عێراق و ناوچەکە لەم مۆدێلە تا لێرەشەوە بتوانێ سیاسەتەکانی لە مەڕ پاوان خوازی بەرێتە پێشەوە.

پێویستیش بە بیر کردنە وە ناکات چونکە بەو ماوەیە کە بەشێکی دەسەڵات بەدەس ئەمانەوە بوو دەرکەوت چی پەیامێکیان پێ یە بۆ لاوان و ئافرەتان و کرێکاران و توێژەکانی تری کۆمەڵگا و هەڵوێستیان چی یە سەبارەت بە ئازادی سیاسی یە مەدەنیەکان.
ئەگەر لە ئەنجامی ڕوخانی سەددامی دیکتاتۆر و ڕژێمە هارەکەی و خەریک بوونی ئەحزابی دینی و قەومی بە کێشەکانیانەوە جۆرێک لە ئازادی هاتوەتە ئاراوە و نەیان توانیوە کۆنترۆڵی بکەن دەبێ خەڵک بە ماڵ و حاڵیان ئەم دەسکەوتە بپارێزن و نەهێڵن هیچ هێزێک ئەم دەسکەوتەیان لێ بسێنێتەوە بە تایبەتی کە پێدەچی دەسەڵاتی تازە زۆرینە ی لە شیعە کانی سەر بە جمهوری ئیسلامی بن ، بۆ ئەم مەبەستە ئەرکی کۆمۆنیستەکان و خەڵکی چەپ و ئازادی خوازە لە بەرەیەکدا خۆیان ڕیکخەن و بەر بگرن تراژیدایەک کە ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی بۆ خەڵکیان هێناوە.